پێنج چالاکوانی خەڵکی گیلان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە بیست ساڵ زیندانیان بەسەر سەپێنرا

بەگوێرەی هەواڵە ناوخۆییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، پێنج ژنە چالاکوانی خەڵکی گیلان لەلایەن لقی سێی دادگای شۆڕشی شاری ڕەشت، بە ئاڕاستەکردنی دوو تۆمەتی جیاواز، سەرجەمیان زیاتر لە 20 ساڵ بەندکرانیان بەسەردا سەپێنراوە و بڕیارەکەی دادگاشیان بە فەرمی پێ ڕاگەیەندراوە.

ئاناهیتا دووستدار، نینا گوڵستانی، ڕۆزیتا حاجی، ئاناهیتا حیجازی و نگین عیدالەتخا، هەر یەک بە تۆمەتی پێکهێنانی باند و گرووپ سزای 3 ساڵ و 6 مانگ و 1 ڕۆژ بەندکران و بە تۆمەتی چالاکی دژ بە حکومەت سزای 7 مانگ و 16 ڕۆژ بەندکرانیان بەسەردا سەپێنراوە.